

# محەمەد عارف

## ئەو ڕەواندزییەی بە تابلۆکانی دونیای داگیرکرد

گفتوگۆی: زایەر عەبدوللا لە هەولێرەوە

هونەرمەندی شێوەکار مامۆستا محەمەد عارف ئەمەندە عاشقانە لە هونەرەکەی دەدوێ پیاو حەیرانی دەبیت، هەر بە سمیلە سپی و جوانەکەی خەیالت بۆ گەورە پیاوو خانەدانە جوامیرەکانی ڕەواندز رادەکیشیت.. کە سەیری دەسترەنگینی دەکەیت، ریك دەسترەنگینی و چاپوکیی وەستا رەجەبت بیردەکەویتەوە.. تابلۆکانی هیندە قوولّو پر لەماناو گوزارشتن، قوولیی و نەقۆلّایی خەرەندە شیتی ڕەواندزت دەهینیەوە بەرچاوان.

محەمەد عارف-یك کە سالی (1937) لە ڕەواندز چاوی بۆ ژیان هەلینابیت، بە ئاووهەوای پاکی گەردە گەردو میگرو بیخالّ پەروەدە بووبیت، حەتمەن هەر دەبی ئەو هونەرمەندە گەورەیەی لیدەرچیت کە میللەتەکەمان شانازی پیوە بکات.

لە سەردانەوەمان بۆ کەونە هەوار، چووینە خزمەتی.. شاهانە پیشوازیی لیکردین و کوردانە باوەشی بۆ کردینەوە.

ئەم گفتوگۆیەی لیرە دەخویندریتەو، کەمیکی کەمە لە زۆری ئەو رازو نیازو خۆشەویستییەی کە مامۆستا محەمەد عارف دەیبری.

زایەر: بەریزتان یەکیك لە قۆناغو ویستگە جوان و دیارەکانی ژیانی هونەریتان لەوکاتەوە دەست پیدەکات کە وەك خویندکاریك چوونە موسکۆ.. لە ئیستادا ئەم قۆناغە چۆن هەلدەسەنگینی؟


محەمەد عارف: لەراستیدا بەرلەوەی بچمە موسکۆ وەك قوتابییەکی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان، لەسالی (1955-1956)دا پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی بەغدام تەواوکردبوو، هەروەها چەند سالیکیش لیرە لە هەولیر مامۆستای وانەی هونەر بووم، لەبەرئەوەی مامۆستایانی نەمرمان لە پەیمانگە وەك (جەواد سەلیم، فایەق حەسەن، عەتا سەبری) هەروەها (ئیسماعیل شیخلی) کە دوا کۆلەگەی مەزنی هونەری نیگارکیشانی عیراقی بوو، بەداخەوە بەم دواییە وەفاتی کرد، ئیمە لەسەر دەستی ئەم مامۆستاو هونەرمەندە مەزنانە پەروەردە بووین، من کە بۆ خویندن چوومە بەغدا لەسالی (1952-1953)دا، مندالبووم، وەك گوتم پەروەردەی دەستی ئەم مامۆستایانە بووم کە هەریەکەیان لەولّاتیکی پیشکەوتووی ئەوروپا خویندنیان تەواو کردبوو، بۆ ئیمە جیهانیکی گەلیك پاك و هونەریکی تازە بوو، بۆیە دەبیت بلیین جۆریك لە پەروەردەی هونەرییم لەسەر دەستی ئەم نەمرانە وەرگرتبوو، بەلّام ژیانی راستەقینەی هونەریی من لە مۆسکۆ دەستی پیکرد، لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی لە ئەکادیمیایەك بوومە خویندکار کە لە زەمانی قەیسەرەوە دروستبووەو سێ سەد سالّ زیاتر کەلەپوورو پیشینەی هونەریی هەبوو، ئەم ئەکادیمیایە چەندین ساختمانی هەیە، هی هونەریی، پەروەردەیی، ستاتیکیی و بیگومان جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەبوو لەگەل ئەوەی بەغدا.

هەروەها سەردانم بۆ مۆزەخانەکانی وەك (ئیرمیتاژ) کە دوو ملیۆن و پینج سەد هەزار شاکاری هونەریی نەمری تیدایەو ئەمە بۆ ئیمە وەك خەیالّ وابوو، ئیتر مامۆستاکانیش کامە هونەرمەندی مەزنی سۆڤیتییە بە شانازی و خۆشەویستییەوە وانەی هونەرییان پیدەگوتینەوە.

لە مۆسکۆ بە پیچەوانەی خەلکی ولّاتەکەوە، بۆ ئیمە هەموو ئەوروپا کرابۆوە، ئیتر دەمانتوانی کام مۆزەخانە لە ئەوروپا هەیە لە پشووی نیوەی سالّ یاخود پشووی هاویندا سەفەری بۆ بکەین، بیجگە لە مۆزەخانەکانی یەکیتیی سۆڤیەت. بەمشیوەیە هەموو ئەورووپاش لەبەرچاوم و لەژیر تەسەروفی هونەرییمدا بوو، بیگومان ماوەیەکی زۆر کە لەوێ مامەوە سودیکی یەکجار گەورەم بینی، ئەوکاتە یەکیتیی سۆڤیەت ولّاتیکی گەلیك ئارام بوو، ولّاتیك بە شەمەندەفەر دەتتوانی بە (8) رۆژ ئینجا بیبری، هەموو ئەم ولّاتەش جگە لەچەند هەریمیکی سوپایی و تایبەت نەبی بۆ ئیمە کراوە بوو.

زایەر: لە زۆربەی تابلۆکانتدا کورو کچیکی عاشق دەبینرین کەدەستیان لە ملی یەك کردووە، ئایا ئەو دوو عاشقە هیچ پەیوەندییەکیان بە ژیانی تایبەتی بەریزتانەوە هەیە. ئایا لەواقیعدا هەن، یاخود خەیالن و بەردەوام تەئکیدیان لیدەکەیتەوە؟

محەمەد عارف: لە راستیدا



گالەری هونەرمەند محەمەد عارف لە هەولێر

ئەگەر هونەرمەند بۆ خۆی عاشق نەبێت، هیچ شتێکی جوان نابینێ، بەڕای من عەشقی هونەرمەند تاکو دوا ساتی لێدانی دڵی دەبێت بەردەوام بێت، چاویش هەر راوچییە تانێچیری خۆی بدۆزێتەوە، بەڵام حەز دەکەم لێرەدا یەک روونکردنەوە بدەم، عەشق بە تەنیا عەشقی شتی رواڵەتی و بریسکەدار نییە، لەلای من عەشق بەمانای فەلسەفی و جوانی و ئیستاتێکییە، عەشق وشەیەکی گەلێک پیرۆزە، وەک عەشقی نیشتمان، عەشقی جوانیی ئافرەت، نەک تەنیا لە ڕوانگەی سێکسییەوە بەڵکو لە ڕوانگەی جوانیی دەروونییەوە، جوانیی ئەندازەکان.. ئەندازەی رەنگ، هارمۆنیا لەگەل سروشت، هەروەها عەشقی دایک، عەشقی خێزانی خۆت، عەشقی منداڵەکانت، عەشقی برادەرانت، عەشقی ئەو کارەکتەرو مۆرکە تایبەت و دیکۆرە هەرە جوانەی کوردستان.. دواجار عەشق لە چوارچێوەیەکی هەرە مەزندا هونەرمەند دەکاتە عاشق هەر لە سەرەتاوە تا ئەو ساتەی دەمرێ.

زایەر: هیواداریـن هەر عاشق و هەر جوان بیت. ساڵی (2001) پێشانگەیەکی تایبەتیت لە شاری سلێمانی کردەوە.. دەکرێ باسی ئەم پێشانگەیەو زەرورەتی ئەم سەفەرانە لە نێوان شارەکانی کوردستاندا، بۆ هونەرمەند بکەی..؟

محەمەد عارف: لەڕاستیدا من دژی هەموو جۆرە سنوورێکم لە کورستانی ئازیزو خۆشەویستمان، بەتایبەتی هونەر لە سەرجەم بوارەکاندا (شێوەکارو شانۆو گۆرانی و مۆسیقا)، هەروەها لە بواری رۆشنبیری و ئەدەبییشەوە، ئەم شتانە کەسایەتی و کارەکتەری راستەقینەی میللەتی کورد بەرجەستە دەکەن، دابەشبوونیان بۆ ئەم چەند بەشە بەداخی گرانەوە یەکێکە لە هۆیە سەرەکییەکان کە تارادەیەک هونەری کوردیی بەرەو دواوە بردووە. بێگومان زۆر بەخۆشییەوە داوەتنامەی جەنابی وەزیری پێشووی رۆشنبیری لە سلیمانی مامۆستا جەمال عەبدول-م قبوولکرد کە بەشەخسی بە ناوی وەزارەتەوە بۆی ناردبووم، لیرەش لە هەولیر چەند رەزامەندییەکی رەسمیی حکومەتم وەرگرت، ئەلحەق لیرە پشتگیریشیان لیکردم، هیچ جۆرە تەگەرەیەک کە دەیانتوانی بیهێننە ریگام دروستیان نەکردو بەڵکو پشتگیرییان لیکردم، منیش پیاویکی ئاشتی خوازم، ئیتر بە دلنیاییەوە هاتمە سلیمانی، بەراستی پیشوازییەکی زۆر گەرمم لیکرا، دوو هەفتە من میوانی ئیوەبووم.. جەماوەریکی یەکجار زۆر هاتنە پیشانگەکەم منیش بەراستی خۆم جاحیل کردەوە، بە پیکابیک ئیشی (40) سالی خۆم هینا، جگە لە چەند چاپکراویک کە یان وەرگیران بوون لە زمانی روسییەوە یاخود دانراوی خۆمن، جگە لە (100) نیگاری چاپکراوی رەنگاورەنگ و (60) نیگاری (ئوریجینال) ئەسلییەکان، لەراستیدا ماوەی پیشانگەکە تەواو بوو هەر لیشاوی جەماوەر زیادی دەکرد، ماوەکە دریژکرایەوە، بۆ جاری دووەمیش ماوەمان دریژکردەوە.. تابلۆکانم داگرتبوو و لەسەر ئەرز بوون خەلک هەر دەهاتن، ئیتر شەرمەزاریی خۆم دەربڕی گوتم وەللاهی ئەمە دووجارە ماوەی ئەم پێشانگەیە درێژ دەکرێتەوە، بەڵام منیش ناچارم بگەڕێمەوە، چونکە ئەرکم هەیە، جا مانەوەم و جۆری سەرنجەکانم و پێشوازیم و ئەو هەموو ئیمپرێشنە قووڵانەی کە لەوێ وەرمگرتن لە زۆر جێگا باسمکردووە لێرەو لە زۆر جێگای تر، بەڕاستی تاکو دەمرم قەت لە بیری ناکەم، بۆ؟ چونکە سلێمانی شارێکی خۆشەویستە وەکو هەولیر وەکو دهۆک وەکو هەموو کوردستان و کوردستانی گەورە.

زایەر: بەڕیزتان چ کاریکی هونەریی هونەرمەندانی ترتان دیوەو حەسودیت لیهاتووەو لە دلی خۆتدا گوتووتە خۆزگە ئەمە کاری من بوایە؟

محەمەد عارف: هونەر شتیکی گەلەک دەولەمەندو لە بن نەهاتووە، لەبەر ئەوە یەک هونەرمەند ناتوانێ ئیحتیکاری هەموو جۆرە داهینانیک بکات، داهینانیش وەکو گولی بەهارە، چۆن گول لە دوای زستانیکی سەخت سەرهەلدەداو دەبیتە گولیکی جوان و رەنگاورەنگ و بۆنخۆش، بەلام ئەگەر بەریزتان ببوورن، من ناموی وشەی حەسودی بەکاربینم، حەسودی بەفهومیکی زیاتر حیرسەوە، زیاتر بلیین دروستکردنی شارستانییەتی کورد، یانی مەسەلەن زۆر هونەرمەندی واهەیە پاشماوەی هونەرییان بەجیماوەو پەرت و بلاوبۆتەوە، هونەرمەندی بەتەمەن هەیە، ریشی سپی، کوردستانی ئازیزیان لەتاو برسیتی بەجیهیشتووە، زۆر بەرهەم هەیە لە ناو کوردستانی خۆمان، لە کوردستانی گەورە، لە ئەوروپادا.. بیخاوەنن، من ریز لەو دەسەڵاتە دەگرم و بەرپرسیشم لەم قسەیەم، کە خەمخۆرە بۆ هەر بەرهەمیک و وەکو نوری چاوی خۆی لەهەر قوژبنیکی دونیادا بێ بەدوایدا بگەڕێ تا بیهێنیتەوە کوردستان بۆ پیکهێنانی مۆزەخانەیەکی هونەریی نەتەوایەتی کوردی لەسەر ئاستی کوردستانی خۆمان کە ئێستا لە بنیاتنانەوەدایە، پێویستە ئیمە نەڕۆین.. ئەم کوردستانە ئازیزە بەردەوام پێویستی بەخزمەتی ئیمە هەیە ئاوەدانی بکەینەوە، ریز لەو هونەرمەندو کەسایەتی و لێپرسراوانە دەنیم کە ماونەتەوەو خزمەت دەکەن، بێگومان من لەم رووەوە حەسوودی بەو لایەنە دەبەم کە وەک گوتم بیر لە دروستکردنی مۆزەخانەیەک دەکاتەوە کە پاشماوەی کەلەپوری کوردی تیا بپارێزرێ، ئیستا هونەرمەندی واهەیە کوردە.. مردووە، یان لە هەندەرانە، هەیانە دەیەوێ بەرهەمەکانی بهێنیتەوە ولات، هونەرمەندیک هات وتی من (3) سێ هەزار تابلۆم هەیە، یانی نەک هەر تابلۆ بەلکو سکیچ و ئیشی گرافیکیش، هات کە پێشکەش بەهەردوو لای بکات و وتی تەنیا بۆم بگەیەننەوە ولات، بەلام تاکو ئیستا هیچ لایەک ئەو (3) سێ هەزار کارە هونەرییەی کە لە ئەلمانیایە نەهیناوەتەوە کە پێویستە مۆزەخانەیەکی بۆ دروست بکەن، لەبەر ئەوە ئەگەر بمبووری، من حەسوودی بەحیرس و بە فەلسەفەیەکی تر تیدەگەم.



